**وەزارەتی تەندروستی**
**ژمارە: ٢٠٣٥٢ لە ٢٠٢٥/١٠/٢٢**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی (٥٩) لە یاسای دەست دانە پیشەی دەرمانسازی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٧٠ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان و ماددەی (٢) بڕگەی بیستەم و مادده (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٥)ی ساڵی٢٠٠٧ و بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٤٦) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ و بە مەبەستی ئاسانکاری لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایانەی سەرەوە بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**میکانیزم ومەرجەکانی بەکارهێنانی ڕاچێتەی سوور لە لایەن پزیشکان و دەرمانسازان بۆ پێدانی دەرمانی کۆنترۆڵکراو لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١): پێناسەکان:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە واتاکەی بەرامبەریانە بۆ ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم**: هەرێمی کوردستان-عێراق.

**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: وەزارەت**: وەزارەتی تەندروستی هەرێم.

**چوارەم: وەزیر**: وەزیری تەندروستی هەرێم.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی.

**شەشەم: سەندیکا**: سەندیکای پزیشکانی کوردستان وپزیشکانی ددان ودەرمانسازان.

**حەوتەم: لیست**: ئەو لیستانە کەلە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر وکارتێکەرە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ هاتووە.

**هەشتەم: دامەزراوە تەندروستیەکان**: دامەزراوە تەندروستیەکانی کەرتی گشتی وکەرتی تایبەت وکەرتی هاوبەش.

**نۆیەم: دەرمانی کۆنترۆلکراو**: ئەو دەرمانانە دەگرێتەوە کە کاریگەری لە سەر هۆشیاری نەخۆش دروست دەکات، تەنها پزیشک دەتوانێت دەرمانی کۆنترۆڵکراو بۆ چارەسەر کردن بنوسێت.

**دەیەم: ڕەچەتەی سوور**: بریتیە لە پسوولەیەکی تایبەت بۆ نووسینی دەرمانی کۆنترۆڵکراو کە تەنها پزیشکی مۆڵەتپێدراو دەتوانێت بە کاری بهێنێت.

**یازدەم: پزیشکی چارەسەرکار**: ئەو پزیشکەی کە دەتوانێت دەرمانی کۆنترۆڵکراو بۆ مەبەستی چارەسەرکردن بنوسێت.

**ماددەی (٢):**
لە کەرتی تەندروستی گشتی و تایبەت تەنها پزیشکی پسپۆر لە کاتی پێویست دەتوانێت دەرمانی کۆنترۆلکراو بنووسێت.

**ماددەی (٣):** مەرجەکانی بەکار هێنانی ڕاچێتەی سوور لە لایەن پزیشکان:

١- ڕاچێتەی سوور تەنها بۆ چارەسەری نەخۆش خەرجدەکرێت.

٢- بە ڕاچێتەی سوور تەنها دەرمانی کۆنترۆڵکراو خەرجدەکرێت.

٣- پزیشکی چارەسەرکار دەبێت مۆڵەتی کارکردنی لە سەندیکای پزشکان یان سەندیکای پزیشکانی ددانی هەبێت.

٤- نووسینی دەرمانی کۆنترۆڵکراو پێویستە پەیوەندی بە پسپۆری پزیشک وە نەخۆشیەکەوە هەبێت.

**٥-** پزیشک نابێت هیچ بڕێک لە ماددەی هۆشبەر یان کارتێکەری عەقڵیی بۆ مەبەستی بە کارهێنانی تایبەت بۆ خۆی بنووسێت.

**ماددەی (٤):** کلێشەی تایبەت بە ڕاچێتەی سوور:

**یەکەم:** کلێشەی تایبەت بە ڕاچێتەی سوور کە بە شێوەیەکی زانستی لە لایەن سەندیکای پزیشکانی کوردستان و بە چاودێری وەزارەتی تەندروستی ئامادە دەکرێت.

**دووەم:** پێویستە ڕاچێتەی سوور ئەم زانیاریانەی خوارەوە لە خۆ بگرێت:

أ- زانیاری لە سەر پزیشکی چارەسەرکار:

١- ناوی سیانی.

٢- ژمارەی تۆماری لە سەندیکای پزیشکانی کوردستان یان سەندیکای پزیشکانی ددان.

٣-ژمارەی مۆبایلی نۆرینگە.

٤- واژوو ومۆری پزیشکەکە.

٥- پسپۆریەکەی.

ب- زانیاری لە سەر دەرمانەکە:

١- ناوی زانستی دەرمانەکە.

٢- هێزی دەرمانەکە. (        )

٣- شێوەی دەرمانەکە (        )

٤- ڕێکەوتی نووسینی دەرمانەکە بە ڕۆژ و مانگ وساڵ.

٥- بڕ و ماوەی بەکارهێنانی دەرمانەکە بە ڕۆژ یان مانگ یان ساڵ.

٦- چۆنیەتی بەکار هێنانی دەرمانەکە.

ت- زانیاری لە سەر نەخۆشەکە:

١- ناوی چواری نەخۆشەکە، ژمارەی مۆبایل، شوێنی نیشتەجێ بوون.

٢- جۆری نەخۆشی.

٣- پێویستە ژمارەی ناسنامەی نەخۆش لەسەر ڕاچێتەکە بنووسرێت (ژمارەی کارتی نیشتیمانی یان پاسپۆرت).

**سێیەم:** پێویستە ڕاچێتەی سوور بەم شێوەی خوارەوە بێت:

کۆد و ژمارە وهێمای لایەنی پەیوەندیدارەکان بریتیە لە (وەزارەتی تەندروستی - سەندیکای پزیشکان - سەندیکای پزیشکانی ددان - سەندیکای دەرمانسازان) زانیاری تەواوی لە سەر بێت بە شێوەیەک کە ڕێگری بکرێت لە ساختەکردن وخراپ بەکارهێنانی تەنها بۆ یەک جار بەکار دەهێنرێت.

**ماددەی (٥):**

١- پێویستە ڕاچێتەی سوور بە سێ وێنە و بە ڕەنگی جیاواز چاپ بکرێت:

أ- وێنەیەک لای پزیشکی چارەسەرکەر دەمێنێتەوە بە ڕەنگی زەرد بە شێوەیەک کە لە سەر ئەو لاپەرە زەردە پێویستە بە روونی بنووسرێت کە ئەم ڕاچێتە بۆ سەرف کردنی دەرمان نیە وتەنها بۆ زانیاریە.

ب- وێنەیەک بۆ دەرمانخانەی سەرفکەر بە ڕەنگی سوور دەبێت وتەنها بەم ڕەنگە دەرمانخانە بۆی هەیە دەرمان سەرف بکات.

ج- وێنەیەک بە ڕەنگی سپی لەلای نەخۆش دەمێنێت بە شێوەیەک کە لەسەر ئەو لاپەرە سپیە پێویستە بە ڕوونی بنووسرێت کە ئەم ڕاچێتە بۆ سەرف کردنی دەرمان نیە وتەنها بۆ زانیاریە لە لای نەخۆش دەبێت.

٢- ماوەی کارکردن بە ڕاچێتەی سوور پاش ڕێکەوتی دەرچوونی تەنها یەک هەفتەیە لە ڕێکەوتی واژوکردنی لە لایەن پزیشک وە دوای ئەو ماوەیە دەرمان پێی خەرج ناکرێت لەلایەن دەرمانخانەکان.

**ماددەی (٦):**

١- پێک هێنانی لیژنەی ساڵانەی جێبەجێ کردنی ڕاچێتەی سوور لە وەزارەتی تەندروستی بەئەندامیەتی نوێنەرانی سەندیکای پزیشکان وسەندیکای پزیشکانی ددان وسەندیکای دەرمانسازان تایبەت بە دروست کردن ودابەش کردنی پەرنووس ڕاچێتەی سوور بە پزیشکان.

٢- وێنەیەک لە پەرنووسی ڕاچێتەی سووری بەکارهاتوو لە لایەن پزیشک دەگەڕێتەوە بۆ سەندیکای پزیشکان، وسەندیکای پزیشکان دەبێت ئاگاداری لیژنەی جێبەجێکاری ڕاچێتەی سوور و بەشی تایبەتمەند لە وەزارەتی تەندروستی بکاتەوە لە سەر هەموو ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندی پەرنووسی ڕاچێتەی سوور هەیە بە شێوەی ڕاپۆرتی مانگانە.

**ماددەی (٧):**

لە کـاتی هەبـوونی سـەرپێچی وەزیـری تەندروسـتی لیژنەیەکـی لێکـۆڵینەوە وهەڵسـەنگاندنی سەرپێچیەکان پێک دەهێنێت بە ئەندامیەتی سـەندیکا پەیوەندیـدارەکان لێکۆڵینەوە لەسـەر جـۆری سەرپێچیەکان ودواتر مـامەڵەکردن بەپێـی یاسـا بەرکارەکـانی تـایبەت بە مـاددەی هۆشـبەرەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لە کاتی سەرپێچی کردنی مەرجەکانی بە کار هێنانی ڕاچێتەی سوور یان پێدانی زانیاری نادروست سەرپێچیکار بە پێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان سزا دەدرێت.

٢- لە کاتی ساختە کردنی ڕاچێتەی سوور وبەکار هێنانی راچێتە ساختەکراوەکە سەرپێچی کار ڕاستەوخۆ ڕەوانەی دادگا دەکرێت.

**ماددەی (٨):**

تێچووی دروستکردن و چاپکردنی دەفتەری ڕاچێتەی سوور دوای دروستکردنی لەلایەن سەندیکای پزیشکان دەکەوێتە ئەستۆی پزیشکی چارەسەرکەر.

**ماددەی (٩):**

لە کاتی وون بوونی هەر دەفتەرێکی ڕاچێتەی سوور پێویستە بە زووترین کات و بە شێوەی فەرمـی پزیشک سەندیکای پزیشکان وبەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سنووری کارکردنی پزیشکی چارەسەرکەر ئاگادار بکاتەوە و بەپێچەوانەوە خودی پزیشک بەرپرسیار دەبێت لە رووی یاساییەوە.

**ماددەی (١٠):**

سەبارەت بە نەخۆشخانە تایبەتیەکان بۆ بەکارهێنانی پەرنووسی ڕاچێتەی سوور بۆ ئەو نەخۆشانەی کە لە نەخۆشخانە دەخەوێندرێن، پەرنووسی ڕاچێتەی سوور لە سەندیکای پزیشکان وەردەگرن و بەمۆری نەخۆشخانە وپزیشکی پسپۆر بۆ نەخۆش دەرمانی کۆنترۆلکراو خەرج دەکرێت بەهەمان ئەو مەرجانەی ئاماژە پێکراون لەسەرەوە لەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١١):**

سەرف کردنی دەرمانی ڕاچێتەی سوور لەدەرمانخانەکان تەنها لەلایەن پزیشکی دەرمانساز وە دەبێت

**ماددەی (١٢):**

هەڵوەشـاندنەوەی ڕێنمـایی ژمـارە (١) ی سـاڵی٢٠٢٤ (ڕێنمـایی میکـانیزم و مەرجەکـانی بەکارهێنـانی ڕاچێـتەی سـوور لە لایەن پزیشـکان و دەرمانسـازان بـۆ پێـدانی دەرمـانی کـۆنترۆڵکراو لە هەرێمـی کوردستان).

**ماددەی (١٣):**

کار بە هیچ دەقێک ناکریت کە هاودژ بێت لە گەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٤):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەوە جێبەجێ دەکرێت.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**